دیمانە: کارزان کانەبی

## بەیان زەکریا یاریزانی باڵەی شاری سنە:

# پێویستە لایەنی بەرپرس هۆڵێکمان بۆ بکەنەوە

**بەیان زەکریـــا یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی وڵاتـــی ئێران، لە دایکبووی ســـاڵی ١٩٧٨ە و لە شاری سنە لە دایك بووە،لە چەندین یانەی وڵاتی ئێران یاری کردووە، ماوەیەکیشە هاتۆتە ریزی یانەی برایەتی شـــاری هەولێر، لـــە پاڵەوانێتی باڵەی یانەکانی عێراقی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی برایەتی پێشکەشکرد، بووە مایەی ســـەرنجی هەوادارانی یاری باڵە ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لە گە ڵـــی ئەنجامدا.**



***چۆن بـــوو پەیوەندیت بە یانـــەی برایەتییەوە کرد؟**

- ئەوان نامەیان ناردبوو بۆ شاری سنە بۆئەوەی دوو یاریزانی بـــاش پەیوەندییان پێوە بکەن، بۆیە منیـــش ئەو داوایەم قبوڵ کـــرد و هاتمە ریزی یانەی برایەتی .

***ئاســـتی یـــاری باڵە لـــە کوردســـتان چۆن دەبینی؟**

- ئاســـتێکی زۆر بەرزی هەیە لە شـــارەکانی کوردستان و یانەکانیش گرنگی باش بە ئاست و توانای یاریزانانی کچ دەدەن، بەهیوای ئەوەشـــم گرنگی زیاتر بە تیپی کچان بدرێت، پێشتر بڕوام نەدەکرد کە ئاستی یاری باڵە بەم شێوەیە بێت.

***وەکـــو کچـــە یاریزانێکی بە ئەزمـــوون پێت باشـــە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئـــەم یارییە پێش بکەوێت؟**

- بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لەگشـــت ئاســـتەکان بە تایبەتی بۆ منداڵان، بوونی هۆڵی داخراو بۆئەوەی یاریزانانی کچ زیاتـــر خۆیان ماندوو بکەن و بتوانن ئاســـتی ڕاستەقینەی خۆیان پێشکەش بکەن.

***ڕاستە لە یانەی برایەتی هۆڵـــی داخراوتـــان نییە زۆرجار لەســـەر ســـەبە مەشق دەکەن؟**

-بەلی هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان نییە و پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس هۆڵێکی مۆدیرنمان بۆ دابین بکەن، بۆئەوەی ئێمەش گرنگی زیاتر بەتواناکانـــی خۆمان بدەین.

***لـــەم ماوەیەی کە لە کوردســـتان ژیان بەسەر دەبەی تاچەند هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت؟**

- بەڕاستی زۆر ئاسوودەم و لە یانەی برایەتی زۆر هاوکاریمان دەکەن،خۆشەویســـتییەکی زۆر لە نێـــوان من و یاریزانان و دەســـتەی ڕاهینەران هەیە لێرە خزمەتێکی زۆر باش دەکرێین، بۆیە لەم ماوەیە هیچ کات هەستم بە ناخۆشی نەکردووە.

***ئاســـتی یاری باڵە بەبـــەراورد لەگـــەل وڵاتـــی ئێـــران و کوردســـتان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت،ئاســـتی وەرزشی لە هـــەردوو لا پێشـــکەوتنی بەخۆیـــەوە بینیوە، بـــەڵام لە وڵاتـــی ئێران هۆڵـــی زیاتر هەیە، ئێران وڵاتێکی پێشـــکەوتووە لەوبڕوایەش دام لـــە داهاتوو دا، ئێرەش پێشـــکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینیێ، بۆیە گەشـــبینم بە ئاستی وەرزشی لە کوردستان.

*** لە یانەی برایەتی کێشەوگرفتتان چییە ؟**

-ســـوپاس بۆخوا هیچ کێشـــەو گرفتێکمان نییـــە لـــە یانەکـــە و دەســـتەی کارگێڕی مادی ومەعنـــەوی هـــاوکاری بەردەوامی تیپەکەمانن،تەنیا دەمانەوێ هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت.

***حەزدەکەی بۆماوەیەکی زیاتر لە کوردستان بیت و خزمەتی وەرزش بکەی ؟**

- بـــێ گومـــان ئـــەوە هیوای منـــە، هەتا توانام هەبێت لـــە خزمەتی وەرزش دا دەبم لە کوردستان،ئێرەش بەماڵی خۆم دەزانم واهەست ناکەم لە وڵاتی خۆم دوورم، لەهەر شوێنێك بین گرنگ ئەوەیە خزمەت بکەین.

***بۆچی لە یـــاری کۆتایی خولـــی نایابی عێراق نەبوونە پاڵەوان؟**

- هـــەردوو تیپی ئێمەوئەکاد بە شایســـتەیی گەیشـــتبووینە یـــاری کۆتایـــی، لەیاری کۆتاییشـــدا ئێمـــەش ئاســـتێکی بەرزمـــان پێشکەشـــکرد، بەڵام تیپی ئەکادیش تیپێکی بەهێزە،بۆیە زۆربەی کاتەکان ئاســـتمان وەکو یەك بوو.

***پەیامـــت چییـــە بۆئەو کچانـــەی وەرزش ناکەن؟**

- پێیـــان دەڵێـــم وەرزش بەســـوودە و وەرزش دەیانگەیەنێتە ئامانج و لوتکە، بۆیە هاتنە نێو وەرزش واتە نوێ بوونەوەی جەستەیان.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بەهیوای ئەوەم لەگەڵ یانەی برایەتی بتوانم ئەنجامێکی باش لە خولەکانی داهاتوو بەدەست بهێنم، ببمە ئەستێرەیەکی گەشی یانەکە ناوی یانەی برایەتی بەرز بکەینەوە و بتوانین خۆمان لەریزی یانە گەورەکان بدۆزینەوە.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوە؟**

- تەنیا سوپاســـی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەم،بەهیوای ئەوەم وەرزشی یاری باڵە بەرزبوونەوەی گرنگ بەخۆیەوە ببینیێ و کچانی کوردستانیش ئاستیان بەرز بێتەوە.

### جاهیدە جەوهەر یاریزانی باڵەی یانەی ئەکاد :

# ئافرەت حەز دەکات وەرزش بکات بەڵام کۆسپەکانی سەر ڕێگای زۆرن



**تیپی باڵەی یانەی ئەکاد هەمیشە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەوە بەناوبانگ بووە کە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای لە خۆگرتووە لەناو ئەم یاریزانانەشدا یاریزان جاهیدە جەوهەرە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی شارۆچکەی عەنکاوەیە ودەرچووی کۆلێژی ئەدبیاتەی بەشی ئینگلیزییە و یەکێکـــە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی ئەکاد ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵ ئەنجامدا.**

*** لە کوردســـتاندا ئاستی یاری بالەی چۆن دەبینی ؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت،ئاستی ئەم یارییە لە شـــارەکانی کوردســـتان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشـــکەوتندایە ولەم بڕوایەشم ئەگەر گرنگی بـــاش بەتیپەکانی کچان بدرێت ئاستیان باشتر دەبێت.

***بـــە بۆچوونـــی تـــۆ چـــی بکرێت باشـــە بۆئەوەی ئاســـتی ئـــەم یارییە پێشبکەوێت؟**

-گرنگی زیاتر بدرێت بە یاریزانەکانی لە ئاستی تەمەنە جۆراوجۆرەکان، بۆئەوەی قوتابخانـــەی پێگەیاندنـــی یاریزانـــان بکرێتـــەوە، هۆڵـــی زیاتـــر بۆئافرەتان بکرێتەوە، چونکەئێستا زۆربەی یانەکان هۆڵـــی تایبەتیان نییە بۆ ئەوەی پەرە بە ئاستی خۆیان بدەن.

***چۆن بوونە پاڵەوانی یانەکانی عێراق؟**

-ئێمە ســـاڵانە بەردەوام مەشق دەکەین، لەم ساڵیش بە شـــێوەیەکی گشتی باش خۆمـــان ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین، هەموو یاریزانان بە ئاســـتێکی شایستە وبەیەك دڵ یارییمان دەکرد و توانیمان ئاستێکی بەرزنیشان بدەین ببینە پاڵەوانی خولەکە.

*** لـــە یانـــەی ئەکاد کێشـــەو گرفتان چییە؟**

-بەڕاستی سوپاس بۆدەستەی کارگێڕی کە بەردەوام هاوکاریمان دەکەن وپاڵپشتی یانەکەمانن و هیچ کێشەیەکمان نییە.

***بۆچی لە کوردســـتان ئافـــرەت کەم وەرزش دەکات ؟**

- بەڕاستی زۆر جار ئافرەت حەز دەکات وەرزش بکات،بـــەڵام ڕێگای لێدەگیرێت و زۆرجار کۆمەڵگا ئافرەتی وەرزشـــکار بە چاوێکی تر ســـەیر دەکات،بەڵام ئێمە بـــەردەوام هـــاوکاری دەکرێیـــن لەلایەن خانەوادەکەمان،

***پەیامـــت چییە بۆئەو کچانەی وەرزش ناکەن؟**

_ئەگەر دەیانەوێ لەش ساغ وئاسوودەبن با وەرزش بکەن،باشترین ڕێگایە بۆئافرەت وەرزشە

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

_ بەهیوای ئەوەم لەگـــەڵ یانەی ئەکاد بتوانم لە پاڵەوانێتییەکی دەرەوە بەشـــداری بکەین و باشترین ئەنجامیش لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوە بەدەست بهێنین، ببمە یەکێك لە یاریزانە باشەکانی یانەکە.

***هیچ کات لەلایەن خانەوادەکەت ڕێگریت لێ نەکراوە لە وەرزشکردن؟**

-نەخێـــر زۆریش هاوکاریم دەکەن ئاســـت بەرزیم بۆپاڵپشتی ئەوان دەگەڕێتەوە .

***چی بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێی؟**

-بەهیـــوای ئەوەم پشـــتگیری بەردەوامی وەرزش بکەن لە کوردستان بۆئەوەی ئاستی وەرزشـــی بەرز بێتەوە، بگاتـــە لوتکەی وەرزشی عێراق

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوە؟**

_تەنیـــا سوپاســـی گۆڤـــاری گـــوڵان دەکەم،بەهیوای ئەوەشـــم بەردەوام بێت لە خزمەت کردنی ئافرەتی وەرزشکار.

## میسی.. ململانێ لە گەڵ کەس ناکەم و لە بەرشلۆنە دەمێنمەوە

ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە و کاپتنی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لیۆنیل میسی ڕایگەیاند کە ئەو لەگەڵ هیچ کەسێك لە ململانێ دانییە، مەبەستی میسی یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ بوو، لە هەمان کاتدا دووپاتیکردەوە ئەوەی بایەخی پێدەدات تەنیا بەدەستهێنانی نازناوەکانە لەگەڵ یانەکەی.

میسی لە بەرنامەیەکی تایبەتی کەنال پلاسی فەرنسی گوتی: من لە ململانێ دانیم لە گەڵ هیچ کەسێك، من تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە چۆن نازناوەکان بۆ یانەی بەرشلۆنە بەدەست بهێنم. هەروەها میسی دەربارەی شێوازی یاریکردنی گوتی: بە بەردەوامی هەوڵ دەدەم کۆنترۆلی تۆپ بکەم و ڕاستەخۆ بەرامبەر یاریزانانی تیپی بەرامبەر یاری بکەم، ئەوەش نهێنی ئاست بەرزیمە.

میسی ستایشی هەردوو هاوڕێکەی کرد لە یانەی بەرشلۆنە هەردوو یاریزان زاڤی هێرناندیز و ئەندریس ئەنیستا، لەمبارەیەوە میسی خۆی بە بەختەوەر دانا کە لەگەڵ ئەم دوو یاریزانە یاری دەکات، لە کۆتایی لێدوانەکەی میسی جارێکی دیکە دڵسۆزی خۆی بۆ یانەی بەرشلۆنە دووپاتکردەوە و گوتی: دەمەوێ تا کۆتایی ژیانم لە بەرشلۆنە بمێنمەوە، من خۆم لە هیچ یانەیەکی دیکە نابینم.



## سوارێز.. بەراوردکردنم بە میسی نوکتەیەکی خۆشە



یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای لویس سوارێز هێرشبەری یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی ئەو ڕاپۆرتانەی ڕەتکردەوە کە بەراوردی دەکەن بە یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی، لەمبارەیەوە لویس سوارێز لە لێدوانێکیدا گوتی: بەراوردکردنم بە میسی نوکتەیەکی خۆشە کە خۆشحاڵم دەکات، لەوانەیە ئەوە بەلامەوە سەرنج ڕاکێش بێت، وابزانم ئەو ئاستەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆرگوای پێشکەشی دەکەین بە دڵی هاندەرانە، بارودۆخەکان بە باشی بەڕێوەدەچن، خۆشەویستی خەڵکیش زیاتر خۆشحاڵم دەکات.

شایانی باسە یاریزان سوارێز لە دوا یاری هەڵبژاردەکەی لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ بەرامبەر چیلی سوپەر هاتریکی تۆمار کرد و ئێستا ئۆرگوای لە پلەی یەکەمی پاڵاوتنی کیشوەری ئەمریکای باشوور دێت بە کۆکردنەوەی ٧ خاڵ لە سێ یارییدا.

## یەحیا تۆرێ.. سیلڤا باشترین یاریزانی خولی ئینگلتەرایە



یەحیا تۆرێ یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر سیتی ڕایگەیاند کە هاوڕێکەی یاریزانی ئیسپانی دیڤید سیلڤا باشترین یاریزانی خولی نایابی ئینگلتەرایە، تۆرێ لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی گوتی: سیلڤا باشترین ئاستی هونەری پێشکەش دەکات، ئەو باشترین یاریزانی یانەی مان سیتییە بەڵکو باشترین یاریزانی خولی ئینگلتەرایە. لە وەڵامی پرسیارێك ئایا سیلڤا گەیشتۆتە ئاستی میسی تۆرێ گوتی: میسی هەر میسییە و نابێت بەراورد بکرێت لە گەڵ هیچ یاریزانێکی دیکە چونکە میسی باشترین یاریزانی جیهانە.

سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕۆیشتنی لە یانەی بەرشلۆنە تۆرێ ڕوونی کردەوە کە ئەو حەزی دەکرد لە یانەیەك یاری بکات هیچ دەسکەوتێکی نەبێت، لەمبارەیەوە گوتی: لە ساڵی ڕابردوو زۆر خۆشحاڵ بووم بە نازناوی جامی ئینگلتەرا بە تایبەتی کە من گۆڵەکەم تۆمار کرد لە یاری کۆتایی، لەوانەیە کاتێك یاریزانێك لە یانەی بەرشلۆنە بڕوات بە شێتی بزانن، بەڵام من لە ساڵی ٢٠٠٩ لە گەڵ یانەی بەرشلۆنە ٦ نازناومان بردەوە کە دەسکەوتێکی خەیاڵی بوو، بۆیە پێموابوو کە لەوە زیاتر ناتوانین نازناوەکان بە دەست بهێنین، هەروەها بوونی یاریزانی لاو وەك سیرجیۆ بۆسکیتس هۆکارێکی دیکەی ڕۆیشتنم بوو.



# هاندەرانی ریال داوای پاراستنی کریستیانۆ دەکەن

لە راپرسییەکدا کە رۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئەنجامی داوە زۆربەی هاندەرانی یانەی ریال مەدرید پشتگیری لە ئەستێرەی یانە کریستیانۆ رۆنالدۆ دەکەن لە داواکەی لە یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا بۆ پاراستنی لە هێرشەکانی هاندەران، لە راپرسییەکەی مارکا کە ٧٤٥٦ کەس بەشداری تێداکردبوو ٦٤,١٪ ی هاندەران پشتگیری ئەم هەنگاوەی کریستیانۆ دەکەن.

کریستیانۆ رۆنالدۆ لە پێش و کاتی یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی پورتوگال و بۆسنیا لە یارییەکانی پاشکۆی یۆرۆی ٢٠١٢ بە لێزەر هێرشی کرایە سەر ئەوەش بووە هۆی تورەبوونی ئەم یاریزانە و کاردانەوەی لێکەوتەوە بە تایبەتی کاتێك لێزەرەکان ئاراستەی چاوەکانی دەکرێت و کریستیانۆ پێی وایە زیانێکی زۆری هەیە هەر بۆیە داوای پاراستن دەکات.





# ئەنێستا..
# مانەوەی گواردیۆلا بۆ بەرشلۆنە گرنگە

یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە ئەندرێس ئەنێستا دووپاتیکردەوە راهێنەر پیب گواردیۆلا خاوەن پرۆژەیەکی زیندووە و پێویستە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، ئەنێستا گوتی : ئێمە هەموو جارێك هەمان دەستەواژە دووبارە دەکەینەوە کە ئێمە خۆشحاڵ دەبین بە مانەوەی گواردیۆلا، چونکە مانەوەی پێویستە بۆ بەردەوامی پرۆژەکەی بەرشلۆنە، ئەگەر پیب بڕیاری مانەوە بدات لەبەر ئەوەیە کە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، من زیاتر لە جارێك گوتومە کە زەحمەتە بە هەمان ئاست بەردەوام بین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە یەك تیپین و پێویستە رێژەی ١٠٠٪ توانای خۆمان پێشکەش بکەین.

سەبارەت بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئەنێستا گوتی: ئێمە هەوڵ دەدەین بگەینە یاری کۆتایی، هەموو یانەکان بۆ ئەم مەبەستە شەڕ دەکەن، لە هەموو ساڵێك ئەرکەکە زەحمەتر دەبێت بەڵام ئێمە پەرۆشی ئەوەین کە پارێزگاری لە نازناوەکە بکەین.

لە کۆتایی لێدوانەکەی ئەنێستا دەربارەی هاوڕێکانی گوتی: میسی یاریزانی ژمارە یەکە لە جیهان و شایستەی خەڵاتی تۆپی زێڕینە، سیسك فابریگس یاریزانێکی لێهاتووە و هاتنی بۆ یانەی بەرشلۆنە سوودێکی زۆری هەیە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# بۆ پایسکلسواری هەولێر بەشداری لەشەش

**ڕۆژی سێشەممە ١١/١٥ شاندی تیپی پایسکلسواری یانەی هەولێر لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر نێودەوڵەتی بەرەو وڵاتی ئیمارات بەڕێکەوت، بە مەبەستی بەشداریکردن لە شەشەمین پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب بۆ پایسکلسواری، کە لە شاری راس ئەلخێمە بەڕێوەچوو و ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند، لەم پاڵەوانێتییە ١٣ یانە بەشداری کرد ئەویش هەریەکە لە (هەولێر، سەناعە (عێراق)، فەتح (سعودیە)، ئەبها (سعودیە)، موحافەزە (سوریا)، دوحە (قەتەر)، ئەهلی (ئیمارات)، نەسر (ئیمارات)، ئیمارات (ئیمارات)، ئەمن ئەلوەتەنی (لیبیا)، کازمە (کوەیت)، بن جەمرە (بەحرێن)، تەلائح جەیش (میسر)، ئەم پاڵەوانێتییە لە سێ پێشبرکی پێکهاتبوو ئەویش (تیپ دژی کات، تاك .(دژی کات، تاکی گشتی**

شاندی یانەی هەولێر بۆ ئەم پاڵەوانێتییە پێکهاتبوو لە (مەحمود عەزیز (سەرۆك شاند)، ستار ئەحمەد (کارگێری)، یاسین تاهیر مەعروف (ناوبژیوانی پلە یەك)، ڕێبین ڕەمزی (ڕاگەیاندکار)، موسی موحسین (ڕاهێنەر)، عەبدولقادر نورەدین (ڕاهێنەر)، ئۆرفیوس جەلال (میکانیکی)، یاریزانەکان (ماسیمۆ فەریق، جۆڤان تۆمی، سلێمان سامی، ئامانج شێرزاد، ڕێباز موزفەر، عەبدوڵڵا خدر).

## هەولێر پلەی هەشتەمی بە دەستهێنا

ڕۆژی پێنجشەممە (١٧-١١) لە شاری راس ئەلخێمە پێشبرکی تیپ دژی کات بەڕێوەچوو بە بەشداریکردنی ١٣ یانە، ماوەی ئەم پێشبرکێیە (٥٨) کیلومەتر و (٤٠٠)مەتر بوو بە سێ سوڕانەوە تەواو بوو.

لەم پێشبرکێیە یانەی هەولێر بە چوار یاریزان بەشداری کرد ئەویش هەریەکە لە (عەبدوڵڵا خدر، سلێمان سامی، جۆڤان تۆمی، ئامانج شێرزاد)، کە تیاییدا یانەی هەولێر لەم پێشبرکێیە لە پلەی هەشتەم هاتن،ریزبەندی تیپەکان لەم پێشبرکێیە بەمشێوەیە بوو.

١ - بن جەمرە (بەحرێن)، ٢- ئەهلی (ئیمارات)، ٣- موحافەزە (سوریا)، ٤- دوحە (قەتەر)، ٥- فەتح (سعودیە)، ٦- تەلائع جەیش (میسر)، ٧- ئیمارات (ئیمارات)، ٨- هەولێر، ٩- سەناعە (عێراق)، ١٠- نەسر (ئیمارات)، ١١- کازمە (کوەێت)، ١٢- ئەبها (سعودیە) کشانەوەی خۆی ڕاگەیاند لەم پێشبرکێیە، ١٣- ئەمن ئەلوەتنی (لیبیا) کشانەوەی خۆی ڕاگەیاند لەم پێشبرکێیە.

لە تاك دژی کات ئەنجامی یاریزانەکانی هەولێر وەك پێویست نەبوو

لە دوو ڕۆژی پاڵەوانێتییەکەدا پێشبرکی تاك دژی کات بەڕێوەچوو، کە تیاییدا دوو یاریزان نوێنەرایەتی یانەی هەولێری کرد ئەویش هەریەکە لە (سلێمان سامی، عەبدوڵڵا خدر) بوو و ماوەی



پێشبرکێکە (٣٠)کم و (٤٠٠)م بە یەك سوڕانەوە نێو تەواو بوو و ٢٢ یاریزان نوێنەرایەتی (١٣) یانەیان دەکرد لەم پێشبرکێیە، بەڵام ئەنجامی یاریزانانی یانەی هەولێر وەکو پێویست نەبوو، کاتێك یاریزان عەبدوڵلا خدر لە پلەی (١٢)یەم هات و یاریزان سلێمان سامی لە پلەی (١٨)یەم هات، ئەنجامی کۆتایی ئەم پێشبرکێیە بەمشێوەیە بوو.

١- عومەر حەسنێن (یانەی موحافەزەی سوری)، ٢- یوسف میرزا (یانەی ئەهلی ئیماراتی)، ٣- یاسر زیادین (یانەی سەناعە عێراق).

## یاریزانێکی هەولێر لە تاکی گشتی پلەی دەیەمی بە دەستهێنا

دوای ئەوەی لێژنەی سەرپەرشتیاری پاڵەوانێتییەکە بڕیاریدا ڕۆژی شەممە پشوو بێت بۆ گشت تیپەکان ڕۆژی یەکشەممە دوایین ڕۆژی پاڵەوانێتییەکە بوو، کاتێك پێشبرکی تاکی گشتی بەڕێوەچوو، یانەی هەولێر لەم پێشبرکێیە بە شەش یاریزان بەشداری کرد، ئەویش هەریەکە لە (ماسیمۆ فەریق، جۆڤان تۆمی، سلێمان سامی، ئامانج شێرزاد، ڕێباز موزفەر، عەبدوڵڵا خدر) بوو، ماوەی ئەم پێشبرکێە (١٤٠کم) و بە ١٤ سوڕانەوە تەواو بوو، کە تیاییدا ٦٦ یاریزان نوێنەرایەتی (١٣) یانەیان دەکرد لەم پێشبرکێیە.

یاریزانی یانەی هەولێر عەبدوڵلا خدر توانی ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنێت و لە پلەی (١٠) یەمی پێشبرکێکە بێت و هەروەها ریزبەندی یاریزانەکانی تر بەمشێوەیە بوو جۆڤان تۆمی پلەی (٣٠)یەم هات دوای ئەوەی یاریزانەکان لە پلەی (٢٢) تا (٣٧) بەهەمان کات گەیشتنە هێڵی کۆتایی و ماسیمۆ فەریق پلەی (٤٠) و ئامانج شیرزاد پلەی (٤١) و سلێمان سامی پلەی (٤٢) و ڕێباز موزفەر پلەی (٤٧) هاتن، ریزبەندی کۆتایی ئەم پێشبرکێیە بەمشێوەیە بوو.

١- نەزیر ئەلجاسر (موحافەزە سوریا)، ٢- ناسر ئەحمەد (فەتح سعودیە)، ٣- خالید بەسام (دوحە قەتەر).

ریزبەندی کۆتایی تیپەکان لە تاکی گشتی بەمشێوەیە بوو.

١- موحافەزە سوری، ٢- فەتح سعودی، ٣- تەڵائع جەیش میسر، ٤- دوحە قەتەر، ٥- بن جەمرە بەحرێن، ٦- ئیمارات ئیمارات، ٧- ئەهلی ئیمارات، ٨- سەناعە عێراق، ٩- نەسر ئیمارات، ١٠- هەولێر، ١١- ئەبها سعودیە، ١٢- کازمە کوەێت، ١٣- ئەمن ئەلوەتنی لیبیا.

جێگەی باسە لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشبرکێکە لە سووڕانەوەی ٧ شەر و پێکدادانێکی گەورە لە نێوان یاریزانانی یانەی تەڵائع جەیش و ئەهلی ئیماراتی و فەتح سعودی و تیپێکی تر ڕوویدا، بەڵام لێژنەی ناوبژیوانانی ئەم پاڵەوانێتییە هیچ سزایەکی لەسەر یانەکان نەچەسپاند، بە پێی یاسای پایسکلسواری دەبێت یانەکان سزایەکی توند بدرێن، کە دەگاتە دوورخستنەوە لە ئەنجامی کۆتایی پێشبرکێکە.

## ٢٠یەم پاڵەوانێتی عەرەبی بۆ پایسکلسواری لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت

یەکێتی پایسکلسواری عەرەب بەفەرمی ڕەزامەندی دەربڕی، کە ٢٠یەم



# ـــــەمین پاڵەوانێتی یانەکـانی عەرەبی کرد

پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب بۆ پایسکلسواری کوڕان و ١٠یەم پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب بۆ پایسکلسواری لەسەر ئاستی کچان لە شاری هەولێر ئەنجام بدرێت، ئەم بڕیارە بە ڕەزامەندی گشـت وڵاتە عەرەبییەکان بوو و زۆربەی وڵاتە عەرببییەکان خۆشحاڵی خۆی و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی لەم پاڵەوانێتییە ئامادە بن، لە هەمـان کاتدا حاکمی ئیماراتی راس ئەلخێمە بەفەرمی پێشـوازی لە سـەرۆکی شاندە بەشداربووەکانی ئەم پاڵەوانێتییە کرد و یەکێکە لەوان سەرۆك شـاندی یانەی هەولێر مەحمود عەزیز بوو، کە تیاییدا حاکم ئیمارەی راس ئەلخێمە خۆشـحاڵی خۆی دەربڕی بـۆ بەڕێوەچوونی ئـەم پاڵەوانێتیە لە شـاری راس ئەلخێمە و هیوای سەرکەوتنی بۆ تیپە بەشداربووەکان خواسـت و هەروەها لە هەواڵی گشت یانە بەشداربووەکانی پرسی بە تایبەتی یانەی هەولێر.

**ناوبژیوانێکی کورد بەشداری لە بەڕێوەبردنی ئەم پاڵەوانێتییە کرد**

بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردسـتان ناوبژیوانێکی کورد بەشـداری لە بەڕێوەبردنی شەشەم پاڵەوانێتی یانەکانـی عەرەب کرد، ئەویش ناوبژیوانی شـاری هەولێر یاسـین تاهیر مەعروف بـوو، کە توانی بە سـەرکەوتوویی بەشـداری لـە بەڕێوەبەردنی ئەم پاڵەوانێتیە بکات و لیژنـەی ناوبژیوانان بەفەرمی دەستخۆشـیان لەم ناوبژیوانە کرد و هیوایان خواست ئەم ناوبژیوانە لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بەشداری بکات.

جێگەی باسە یاسین تاهیر مەعروف ناوبژیوانی پلە یەکی عێراقە بۆ پایسکلسواری.

**بە هۆی دانانی ئاڵای پێشووی عێراق یانەی هەولێر هەڕەشەی کشانەوە لە پاڵەوانێتییەکە کرد**

لـە کاتـی بەڕێوەچوونـی ئاهەنگـی کردنەوەی پاڵەوانێتیەکـە و کۆبوونـەوەی هونـەری شـاندی هەولێر تووشی شۆك بـوون بەهـۆی بەکارهێنانی ئاڵای کۆنی بەعس (سـێ ئەستێرە) وەکو ئاڵای فەرمی عێراق هەرچەندە ماوەی زیاتر لە ٨ ساڵە ئەم ئاڵایە گۆڕاوە، کەچی لە بەرانبەردا ئاڵا تازەکەی لیبیا لەم پێشبرکێیە بەکار هات، هەرچەندە ماوەی چەند مانگێکە گۆڕاوە، ئەمەش بوو بەهۆی نارەزاییەکی زۆر لەلایەن شاندی یانەی هەولێر، بۆیە بەفەرمی سەرۆك شـاندی هەولێر مەحمود عەزیز سـکاڵایەکی پێشکەشـی لیژنەی سەرپەرشتیاری پاڵەوانێتییەکـە کرد و تەئکیدی لەوە کردووە، ئەگەر هاتوو لە رۆژی یەکەمی پێشبڕکێکە ئاڵا نوێیەکی عێراق بەکار نەهێندرێت ئەوە بەفەرمی کشـانەوەی خۆی رادەگەیێنێـت و ئامادە نییە لـە ژێر ئاڵای کۆنی بەعس بەشداری لەم پاڵەوانێتییە بکات، بەڵام خۆشبەختانە لیژنەی سەرپەرشتیاری پاڵەوانێتییەکە لـە رۆژی یەکەمـی پاڵەوانێتییەکەدا ئاڵای نوێی عێراقیان دانا و سـەبارەت بە کردەوەی پێشـوویان بەفەرمی داوای لێبوردنیان لە شاندی یانەی هەولێر کـرد، ئەم هەنگاوەی یانـەی هەولێر بووە جێگەی دەستخۆشی سەرۆکی یەکێتی پایسکلسواری عێراق و لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق.

**سەرۆك شاندی هەولێر:**
**چاوەڕوانی ئەنجامی باشترمان دەکرد**

دوای تەواوبوونی شەشـەمی پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب بۆ پایسکلسواری سـەرۆك شاندی هەولێر مەحمود عەزیز تەئکیدی لەوە کردووە، کە چاوەڕوانی ئەنجامی باشترمان دەکرد لەم پاڵەوانێتییە و گوتی: وەکو بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە بەشداریکردنێکی بـاش بوو و سـوودێکی باشـمان لێوەرگرت، بەڵام ئەنجام لـەم پاڵەوانێتییە باش نەبوو و چاوەڕوانـی ئەنجامـی با شـتر ما ن دەکرد لە یاریزانەکان، بەڵام ئەمە نابێتە بیانوو، کەچی غەدرێکی گەورە لە هەندێك لە تیپە بەشـداربووەکان کرا، چونکە هەندێك وڵات بـە هەڵبژاردەی یەکەم بەشـدارییان لەم پاڵەوانێتییە کـرد بە ناوی یانەکان بـۆ خۆئامادەکردن بۆ یارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، کـە مانگی داهاتوو لە قەتەر بەڕێوە دەچێت ئەویش هەریەکـە لە (هەڵبژاردەی سـوریا)بە ناوی یانەی موحافەزە بەشـداری کرد و (هەڵبژاردەی بەحرێن ) بە ناوی یانەی بن جەمرە و (هەڵبژاردەی میسـر) بەناوی یانەی تەلائع جەیش و (هەڵبژاردەی سعودیە) بەناوی یانەی فەتح و (هەڵبژاردەی قەتەر )بەناوی یانەی دوحە بەشـدارییان کرد، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکان، کە بووی هۆی بە دەسـت نەهێنانی ئەنجامێکی باش لەم پاڵەوانێتییە.

**لە درێژەی قسەکانیدا مەحمود عەزیز گوتی:** بەڵام توانیمـان لەم پاڵەوانێتیە دەسـتکەوتێکی گەورە بە دەست بهێنین، کاتێك یەکێتی پایسکلسواری عەرەب بەفەرمی داوای کرد، کە شاری هەولێر میواندار ی ٢٠یەمین پاڵەوانێتی پایسکلسواریی وڵاتانی عەرەب بۆ کـوڕان و ١٠یەمین پاڵەوانێتی پایسکلسـواری وڵاتانـی عەرەب بـۆ کچان بـکات، ئێمەش وەکو یەکێتی پایسکلسواری لقی هەولێر دوای وەرگرتنی رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان رەزامەندی خۆمان دەربڕی بۆ میوانداریکردنی ئەم پاڵەوانێتییە لە شاری هەولێر.

